

پۆرترێتی كاریكاتێری سارا ماگوا

# سارا ماگوا... رۆمان ناتوانێت ژیان بگۆڕێت!!

و: جەمال هەڵەبجەیی

تەلارسازی كتێبخانەكەی (سارا ماگوا) كە لەهەناوی گردۆڵكەیەكدا لەدورگەی (لانزاروت)دا سەری دەرهێناوە، هەمان كاریگەری بەجێدەهێڵێت كە كلێسایەكی كۆمەڵگەیەكی مودێرن بەجێی دێڵێت: رووناكی خۆرو پەنجەرەی بڵندو باریك. لەگەڵ شوشەی تاریك سەراپای هەردوو نهۆمی ماڵەكەی لەخۆگرتووە، دیواری سپی و پاك و بەردی درێژكراوە لەئامادەیی ئەو هەمووە كتێبەدا- كلاسیكی و مۆدێرن- بەچەندین زمانی جیاواز بێدەنگییەك توندتر دەكات كە حورمەتێكی سەرسوڕهێنەری بەدواوەیە.

سارا ماگوا لێرەدا دەژی، تەنها براوەی خەڵاتی نۆبڵی وڵاتی پورتوگال كەسێك كە 14 ساڵ پێشتر نیشتمانی خۆی وەك ناڕەزاییەك بەرامبەر بەسانسۆركردنی رۆمانەكەی بەجێهێلاَ، باوەڕهێنان بەم راستییەی كە سارا ماگوا 83 ساڵ تەمەنییەتی دژوارە، ئەمەش نەك بەهۆی ئەوەی شۆڕو شەوق و وروژان و جوڵەی خێرایی دەست و چاوەكانی لەكاتی قسەكردندا كە بەهۆی توانای ناسروشتی ئەو لەبەرهەمهێنانی شاكاردا! هەرچەندە كتێبی (بینایی) بەو نزیكانە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. ئەو سەرقاڵی نووسینی ئوتوبیوگرافیایەكە بەناوی (بیرەوەرییە بچوكەكان)ەوە سەبارەت بەمنداڵێتی لەئاواییەكانی پورتوگال، پیلاردل ریو هاوسەری ئیسپانییەكەشی كتێبەكانی وەردەگێڕێتەوە سەر زمانی ئیسپانی تاوەكو خوێنەرانی زمان ئیسپانیش بەرهەمەكانی بخوێننەوە.

گۆشەگیربوونی ئەم رۆماننوسە لەم دورگە ئارامەو دابڕانی لەدنیای دەوروبەر، ئەوەی لەحەقیقەت دورخستۆتەوە، لەماوەی ئەم ساڵانەدا چەندین سەفەری كردووە تاوەكو كاری نووسینی رۆمانەكانی بەرەو پێشەوە ببات. بەلاَم هەمیشە ئامانجی سەرەكی وتاردان بووە لەسیمینارو ئامادەبوونی لەزەمینەی سیاسی و كۆمەڵناسیدا، خۆی ئاوەها روونكردنەوە دەدات: هەرچەندە زۆرتر ئەم سەفەرانە پەیوەندییەكی زۆری بەئەدەبیاتەوە نەبووە، بەلاَم ئەمە بەشێكە لەژیانی من و زۆر بەمەلاوە گرنگە كە خۆم بەئەدەبیاتەوە سنوردار نەكەم، هەر لەبەر ئەمە هەوڵدەدەم تاوەكو بەرزترین ئاستی هێزو توانای خۆم بەجیهانەوە ببەستمەوە، ئەو كە هێشتا یەكێكە لەئەندامانی حزبی كۆمەنیست، بەیەكێك لەنەیارانی جیهانی

بـوون دەژمێردرێـت و زیـاتر ڕۆمانـەکانی وەك گوزارشتکردنێکی سیاسی ناسراون، لـەوەڵامی ئەم پرسیارەی کە ئایا باوەڕی وایە هونەرمەند دەبێـت لەکۆمەڵگـەدا ڕۆڵـی سیاسـی ببێـت، بەتوندی دەڵێت: ئەمە ڕۆڵ نییە، مۆسیقا، ئاواز دادەنێـت، هونەرمەنـد وێنـە دەکێشێت و ڕۆمـان نووسیش ڕۆمـان دەنوسێت، من لـەو باوەڕەدام کـە هـەموومان دەتـوانین کاریگـەری لەسـەر کۆمەڵگـە بـەجێ بهێڵین نـەك بـەهۆی هونەرمەنـد بونمانـەوە، بـەڵکو لەبەرئـەوەی کـە هەریەکـە لەئێمـە هـاوڵاتین، وەك هـاوڵاتی هـەموومان ناچـارین مداخەلـە بکـەین و خۆمـان بەچـەندین کاری جۆراوجۆرەوە تێوەبگلێنین. چونکە ئەوە هاوڵاتیـانن کـە گۆڕانکـاری دێنـە ئـاراوە، مـن نـاتوانم خـۆم لـەململانێی سیاسـی یـا کۆمەڵایەتییـەوە دووربینمـەوە، بـەڵێ مـن نوسـەرێکم، بـەڵام لـەم دنیایـەدا دەژیـم و نوسینەکانم بـەدەر لەمـە شـتێکی دیکـە نییـە. ئەگەر خـەڵکی بمناسن و کتێبەکانم بخوێننەوە. زۆر باشـە هەرچـەندێك قـسەی زیـاتر بڵـێم بەسودی هەمووان دەبێت.

دەتوانرێت بوترێت بینایی بەجۆرێك لەجۆرەکان لەدوای کوێرییەوە دێت، کتێبێك کە لەساڵی 1995 نوسـراوەو دەربـارەی خـەڵکانی کۆمەڵگەیـەکی نەناسـراوە کـە لـەئاکامی نەخۆشییەکەوە بینایـان لەدەسـت دەدەن و بـەخێرایی دەگەڕێنـەوە بـۆ سـەردەمی بەربەرییـەت، بینـایی چـوار سـاڵ دواتـر هـەمان کۆمەڵگـە وێنـە دەگرێـت کـە جارێکی دیکە دیاردەیـەکی بـێ پێشینە ئـەزموون دەکـات. لەگـەڵ ئـەوەی کـە کۆمەڵەیـەکی زۆر لەهەڵبـژاردنی ئەنجوومەنی شاردا بەشداری دەکەن، بەڵام کاتێك کـە دەنگـەکان ئـەژمارده دەکـرێن دەردەکـەوێت کـە 80٪ زیاتری دەنگەکان سپین، بێ متمانەیی خەڵکی بەگروپە سیاسییە جیاوازەکان، وێنەیەکی کۆمیدی لەپرۆسەکانی دیموکراتیدا دێنێتە ئاراوەو ڕابەرانی سیاسـی ناچـار دەکـات کـە ڕەوشـی نائاسـایی ڕابگەیەنن.

دەڵێت: کاتێك کە بڕیارە لەبارەی کتێبەکانمەوە قـسەوباس بکـەم، بەشـێوەیەکی ئاسـایی چـەند دەقیقەیـەك قسە ناکەم و بێدەنگ دەبم و وا بەباشی دەزانم کـە قـسەوباس لەدنیایـەك بکـەم کـە تیایـدا دەژیـم، دنیایـەك کـە خـۆی بـۆ خـۆی کارەساتێکە بەشـێوەیەکی ئاسـایی وتارەکـانم لەگـەڵ قسەوباسانێکدا دەربارەی دیموکراتی و لێکچونێکی لەگەڵ ئەو سەبکە باوولادەرەی کە نیشانەو ڕەمزی ڕۆمانەکانیەتی، کاتێك کە باس لەهەژاری لەئەفەریقا یاخود نەبوونی ئاسایشی پیشەیی دەکات لەکورە دەچـێتە دەرەوەو تـوڕە دەبێـت. شـتێك وێنـەی ساڵانێك پەیمانی بەسیاسییە چەپەکان.

ڕۆمـانی بینـایی کۆتاییـەکی سـارد و نائومێـد بەخـشی هەیـە، لەگـەڵ بـوونی ئازایەتییـەك کـە دەنگـدەران بەخـەرجی دەدەن، دەسـەڵاتداران جارێکی دیکە پـەنا دەبەنـە بـەر بەکارهێنانی هێزو خۆپیشاندانەکان، وەك هـەر خۆپیشاندانێکی دیکە بـەهێمنی بـەکۆتایی دەگـات و لەکۆتاییـدا وا دێتـە پێش چاو کە هـەموو شتێك باش بووە، کاتێك کە بەسـارا مـاگوا دەڵـێم ئـەم خۆپیـشاندانانە، ئـەو خۆپیـشاندانانەم وەبیردێنێتـەوە کـە لەلەنـدەن دژ بەجـەنگ بـەرپا دەکـران، بەناڕەحەتییـەوە دەڵێـت: بـەڵێ چیرۆکەکە خراپ کۆتـایی پـێ دێت، چونکە هـەموو هەلومەرجـەکان لەبارنـەبوون. لەئیـسپانیا 90٪ خـەڵکی دژ بەجـەنگ بـوون، بـەڵام سـەیرکە لەفەرەنـسادا چ ڕوداوێـك ڕویـدا!! ڕێپێوانـەکانی خەڵکی بوە هـۆی ئـەوەی کە یاسای کار نـەگۆڕێت، بەبۆچـوونی مـن پێویـستمان بـەبزاوتێکی جیهـانی لەخۆپیشاندەران هەیە کە لەژێر هیچ هەلومەرجێکدا دەسـت هەڵنـەگرن و شـەقامەکان بەجێنـەهێڵن، لەلەنـدەن و مەدریـدا ئـەرکی خۆمانمـان ئەنجامـداو

چوینە ماڵەوەو ئەوانەش لەسەرەوەی دەسەڵاتدا بوون هیچ کارێکیان نەکرد، ئێمە دەبێت چەندین جارو جاروجار خۆپیشاندان بکەین! ڕێگەیەکی دیکەمان لەپێشدا نییە بەدەر لەوەی کە بڵێین نامانەوێت لەدنیایەکی لەم چەشنەدا بژین، دنیایەك پڕ لەجەنگ، نا بەرانبەری، بێ دادپەروەریو سوکایەتی پێکردنی ڕۆژانەی ملیۆنەها مرۆڤ، دەبێت خواستەکانمان بەتوندیو گەرمی بخەینە ڕوو، چەندین ڕۆژ لەشەقامەکاندا بمێنینەوە تاوەکو دەسەڵاتداران بزانن کە خۆشحاڵ نین، سارا ماگوا کە چەندین ساڵ چالاکی سیاسی لەکارنامەی خۆیدا هەڵگرتووە، لەچەندین لایەنی جیاوازەوە خاوەنی چەندین ئەزموونی جۆراوجۆرە، ئەو کوڕی جوتیارێکی بێ زەویوزار بوو کە لەئاواییەك لەباکوری پورتوگالدا بەسەختی ژیانی بەڕێدەکرد، لە23ساڵیدا یەکەمین ڕۆمانی بەناوی (سەرزەوی گوناح)ەوە بڵاوکردوەتەوەو 30 ساڵ دواتر توانیویەتی ئەزمونێکی دیکەی لەزەمینەی نوسیندا هەبێت، ئەو خاوەنی چەندین کارو پیشەی جۆراوجۆر بووە، وەك میکانیك، کارمەندی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان لەسەنتەرێکی چاپەمەنیو سەرنوسەری ڕۆژنامەو چەندین سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەڵام دوای کودەتای ساڵی 1975 کەسانێك بەبیروباوەڕی ئەوەوە نەیاندەتوانی پیشەیەکیان هەبێت. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە تەواوی کاتەکانی لەنوسیندا بەخەرج بداتو لەساڵی 1976دا دووەمین ڕۆمانی بەناوی (بنەماکانی وێنەکێشانو خۆشنوسی)، بڵاوکردەوە، نوسینی شانۆنامە، شیعر، وتار، سەروتار، لەڕۆژنامەدا لەچالاکییەکانی دیکەی بوە تاوەکو لەساڵی 1982و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (مێژووی بالتازارو بلیموند)، ناوبانگی جیهانی بۆ فەراهەمهێناو لەساڵی 1988 سەردەمێك کە 76 ساڵ تەمەنی بوو خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێنا، ئێستا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە کە پاش زەمەنێکی زۆر لەنووسینو گۆڕینی چەندین ژانری جیاواز. ئایا ڕۆمان باشترین ڕێگەیە بۆ دەربڕینی بیروڕاکانی سارا ماگوا؟! وابیۆدەچم کە ڕۆمان ژانرێکە زۆریش ئەدەبی نییە، وێنەی دەریا کە چەندین ڕوباری زۆری لەخۆگرتووە، ڕۆمانیش کەشی ئەدەبی هەیە کە چەندین لقی لەعیلمو فەلسەفەو شیعر لەخۆدەگرێت، ڕۆمان تەنها گێڕانەوەی چیرۆك نییە.

هەندێك سارا ماگوا بەرەشبین دەزانن، کاتێك کە پرسیاری لێدەکەین سەبارەت بەئاییندە ڕەشبینە یاخود پێی وایە کە دەتوانرێت بەئاییندە گەش بین بێت؟! وەڵام دەداتەوە: چەندین جوڵانەوەی زۆر هەن کەوا ڕادەگەیەنن دەتوانرێت دنیایەکی باشتر بوونی هەبێت، بەڵام تاوەکو سەردەمێك نەتوانین هەموو گروپە جیاوازەکان لەگەڵ یەکدی هاوئاهەنگ بکەینو بەبەشداری هەموویان ڕێکخراوەیەك دروست بکەین، ئەوا کاپیتالیستەکان بەو جوڵانەوانە پێدەکەنن، کێشەکە لەمەدایە کە بۆ حکومەت ڕاستییەکان پێویستیان بەئایدیا نییە، بەڵام چەپەکان بێ ئایدیا ناتوانن حکومەت بکەن، من لەتەمەنی 83 ساڵیدا ناتوانم لەوە زیاتر ئومێدێکم هەبێت، بەڵام ئێوە هێشتا گەنجن، باوەڕ ناکەم ئەم ڕۆمانە بتوانێت دنیا بگۆڕێت، بەڵام سەرنجبدە، کە ئێمە ئەوانمان گەیاندوە دەسەڵات ئەگەر دەڕۆستی نەیەن دەبێت بڕۆنو لێگەڕێن کەسانی دیکەش ئەزموون بکات، بەڵگە گەلێکی زۆر هەن بۆ ئەوەی کە لەگەڵ دنیادا بەو جۆرەی کە هەیە کەنار نەیەین، ئەگەر کتێبەکەی من پەیامێکی هەبێت، بێگومان بەدەر لەمە شتێکی دیکە نییە.

**سەرچاوە:**

ڕۆژنامەی جامی جەم.